# هونەری ڕەگەزدۆزی لە شعرەکانی خادیمدا

## (حاجی میرزا عبدالله) کۆیی

م.ی. شادان شکر صابر
زانکۆی کۆیە /فاکەڵتی پەروەردە / بەشی کوردی

**پێشەکی:**

دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەو سەلیقەی بە ئێمە بەخشی و وای کرد (هونەری ڕەگەزدۆزی لە شعرەکانی خادیمدا) بکەینە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، ئەو چێژە تایبەتیەیە کە لە شیعری کلاسیکدا هەیە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بوونی ڕێژەیەکی زۆری ڕەگەزدۆزی لە شیعرەکانی (خادیم) و ئەنجام نەدانی هیچ توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لەسەر شیعرەکانی(حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی)یە، کە ناسراوە بە خادیم.

توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ باسکردنی ڕەوانبێژی و وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕەوانبێژی بۆ چییەو مانای ڕەوانبێژی و لقەکانی ڕەوانبێژی.

لە بەشی دووەمدا باسی کاری زانایانی عەرەب لە جوانکاری و جوانکاری لای کورد و پێناسەکانی ڕەگەزدۆزی و ئاماژە کردن بە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی و ئەو جوتە وشانەیە، کە ڕەگەزدۆزییان دروستکردووە لە هۆنراوەکانی خادیمدا، لەگەڵ ژمارەی لاپەڕە و جۆر و بەشەکانیان. لە کۆتایی توێژینەوەکەمانیشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**کورتەیەک لە ژیانی خادیم**

خادیم ناوی (حاجی میرزا عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد مەولوودە)، لە ساڵی (١٨٩٥ز) لە شاری کۆیە لە دایک بووە. هەر بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لەبەر زیرەکی و لێهاتویی لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا زۆربەی کتێبەکانی ئەو سەردەمە تەواو دەکات و دوای مردنی باوکی جێگای باوکی دەگرێتەوە.

هەرچەنـدە میـرزا عەبـدوڵڵا بـێ بەشـکراوە لە ناخۆشـی و بێـزاری سەربازیی کردن، بەڵام وەک هەموو شاعیرانی کورد لە چەرمەسەری ژیان بێ بەش نەبووە لە ساڵی (١٩١٦) ماڵەکەی تاڵان دەکرێ و بە ناچاری شاری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و لە قەڵادزێ نیشتەجێ دەبێ و بە پیشەی بەرگدووری خـۆی خەریـک دەکـات، لە پـاڵ پیشەکەشـیدا بەردەوام خەریکـی خوێنـدنەوە بووە، حاجی میرزا عەبدوڵڵا وەک لە ناوەکەیەوە دیارە لە ساڵی ( ١٩٥٣ز) ڕووکنـی پێنجەمـی ئیسـلامی جـێ بە جـێ کـردووە. بە پـازدە سـاڵ دوای گەڕانەوەی لە حەج بە ماڵەوە دەچێتە سلێمانی و لە گەڕەکی کانی ئەسکان نیشـتەجێ دەبـێ و دوکـانێکیش لە شـەقامی مەولەوی دەکـاتەوە، دوکـانەکەی دەبێـتە مەڵبەنـدی ئەدیبـان و ڕۆشـنبیران، چـونکە لەگەڵ حەز و ئـارەزووی خۆیدا دەگونجـا، نـاوبراو هاوژیـانی هەنـدێ لە شـاعیران بـووە، بە شـیعریش یادی زۆربەیانی کردۆتەوە پێنج خشتەکیشی لەسەر شیعری زۆر شاعیران داناوە.

حـاجی میـرزا عەبـدوڵڵا لە ٥/ ١/ ١٩٧١ کـۆچی دوای کـردووە و لە گـردی جـۆگە لە تەنیشـت خوالێخـۆش بـوو هـاوڕێی گیـانی بە گیـانی (حـاجی تـایەر) نێژراوە (ئەمین :١٩٨٠:١٢).

## بەشی یەکەم:

### ١ـ ١ـ سەرەتایەک سەبارەت بە ڕەوانبێژی:

ڕەوانبێـــژی تـــاموچێژێکی تـــایبەت بە ئەدەب دەبەخشـــێت، ئەدەب بـــێ ڕەوانبێژی وەکو لاشـەیەکی مـردوو وایە، بـۆیە چەنـدین پێناسـەی بـۆ کراوە، وەک :

((ڕەوانبێـژی زانسـتێکی زۆر کـۆن و بەتەمەنە، جـوانی و ئەفرانـدن بە شـیعر دەبەخشێ، بۆ شیعر وەک دەمار وایە))، (مەولود: ٢٠٠١: ٥- ١٢).

ڕەوانبێژی: لە زمانی عەرەبی بە قسە و باسـەی ڕەوان و گەوهەردار دەڵێن ( بلیـغ ) و پاشـان ( بـلاغە)ی لێـوەرگیراوە بـۆ هەمـووی و بـووە بەو زانسـتە (سەجادی: ٢٠٠٤ :٢٠ - ٢١).

لە زمـانی کوردیـدا ئەو چەمکە، کە (بـلاغە)ی لە زمـانی عەرەبیـدا بـۆ دانـراوە وشـەی (ڕەوانبێـژی) بە تەواوی پـڕی دەکـاتەوە، لەبـارەی وشـەی (بـلاغ)ەوە (عەلائەدین سەجادی) لە کتێبی (خۆشخوانی)دا دەڵێت: (بۆ (بلیغ)ەکەش مـن بەلامەوە (پاراو) جیگای خۆیەتی)، (سەجادی: ١٩٧٨ :١٥).

جا لەبەر ئەوە وشەی ڕەوانبێژی بۆ ئەو زانیاریە دانراوە، تەنانەت دەتوانرێت بوترێت وشەی (خۆشخوانی)یش هەر ئەم چەشن و مەبەستە دەدات بەدەستەوە (سەجادی : ١٩٧٨: ٢٥).
کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەوانبێژی ڕوو لە سووچێک لە سووچەکانی ئەدەب دەکات، واتا ڕەوانبێژی بێ ئەدەب نابێت و ئەدەبیش بەبێ ڕەوانبێژی بەهێز و جوانیەکەی دیار نابێ، بۆیە تێکەڵاوی یەکترن، ئاشنایەتی ئەدەب و ڕەوانبێژی وەکو ئاشنایەتی مرۆڤ و گیانلەبەرە، مەرجە هەموو مرۆڤێک بەر گیانلەبەرێک بکەوێت، بەڵام مەرج نییە هەموو گیانلەبەرێک مرۆڤ بێت، کوردیش وەکو نەتەوەکانی دونیا ئەدەبی هەیە، بۆیە دەبێت ڕەوانبێژیش وەکو ئەدەب نابێت تایبەتی بێت بە زمانێکەوە، بەڵکو هەموو زمانێک بۆی هەیە لەسەر ڕێچکەی زمانەکە خۆی لێوەربگیرێت. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ڕەوانبێژیش لە ئەدەبی ئێمەش هەیە.
ڕەوانبێژی: بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵە گوزارەیەکی فراوان لە قالبی چەند وشەیەکی کەمدا ئەکرێت بە سێ بەشەوە:
- ڕوونبێژی ـ البيان.
- واتاناسی ـ المعاني.
- جوانکاری ـ البديع.
هەریەکە لەم سێ بەشەش چەند لقێکی لێدەبێتەوە، وەکو ڕوونبێژی (البيان) لێکچواندن و خوازە و درکە دەگرێتەوە ئەوانیش لە ئەدەبدا دەستکردی سۆزن (سەجادی: ٢٠٠٤ :٢٠ – ٢١).

### ١ـ ٢ـ ڕەوانبێژی بۆ چییە؟

ڕەوانبێژی: زانستێکی بەرز و پاراوە جوانییەکانی دەقی ئەدەبی دەردەخات، دیارە ڕەوانبێژی بۆ ئەوەیە کە ئەدەبەکەت ڕوون بکاتەوە، واتە زانیاریەکە جەوهەری ئەدەبەکە نیشاندەدات. دوور نییە بوترێت هەر شتێک لە زانستی ڕەوانبێژی باسبکرێت لە (ئەدەب)یش دا هەیە.
جا ئەم بەلاغەیە ئەدەبەکە بەش بەش دەکاتەوە هەندێکی بە جوانکاری، هەندێکی ڕوونبێژی، هەندێکی واتا ناسی، هەیە ڕەوانبێژی ئەو ئەدەبە پوختەدەکات دیمەنێکی جوانتر لە قسەکاندا پەیدادەبێت، لێرەدا مەرج نییە هەر شتێک بە تایبەتی قسە و نووسین ناوبراو ئەدەب (بليغ) و پاراو بێت، بەڵام مەرجە لەم ڕووەوە هەر شتێک پاراو بوو دەبێت بە ئەدەب و ئەدەبە.

له زمـانی کوردیـدا ڕسـتەی (زمـان پـاراو) هەیە، ئەوە ئەم چەمـکەیە له زمـانی عەرەبیـدا وشـەی (فصـیح و فصـاحه) گوزارشـتی لێکراوه که دەڵـێن (زمـانێکی پـاراوی) هەیە واتـا (فصـیح)ه هـیچ گـرێ و گـۆڵی نـایەته بەر (سەجادی: ٢٠٠٤ :٢٢).

## ١ـ ٣ـ مانای ڕەوانبێژی:

ئەگەر بمـانەوێ مانـای ڕەوانبێـژی لێکبـدەینەوە نـابێ هەریەک جـۆرە بیروبۆچـون بنووسـین، بڵێـین ئـا ئەمەیە ڕەوانبێـژی! چـونکە هەرکەسـێ بە جۆرێ تێی گەیشـتووە و وەریگرتـووە، کە جیـایە لە تێگەیشـتن و وەرگرتنـی کەسانی تر (گەردی: ١٩٧٢: ١٤).

(ڕەوانبێـژی) یەکەمجـار وەک زۆربەی زانسـتەکانی تـر لای یۆنانیەکـان سەریهەڵدا، ئینجا لای ڕۆمانەکـان پەرەیسـەند و عەرەبیش بـایەخی تایبەتیـان پێدا و بەپێی زۆر ڕێبازی جیاجیـاوە کەوتنه سـەر تـوێژینەوەی هونەرەکـانی ڕەوانبێژی، لەکۆنـدا گرنگی پێدراوە و ڕۆژ بە ڕۆژ هونەرەکانی فراوانکراون، ئەوەی بۆ ئێرە مەبەست بێت (جوانکاری)یە، چونکە باسەکەی ئێمە هونەرێکی (جوانکاری)یە، ئەگەر بۆ مێژووی جوانکاری لای عەرەب و کورد بگەڕێینەوە دەبینـین شـتی زۆری لەبـارەی نوسـراوە، بـۆ نمـوونە لە قورئـانی پیـرۆز دا هاتووە (خوا)ی گەورە دەفەرموێت: (بدیع السموات وألارظ، انی یکون له ولد ولم تکن لـه صحبة و خلق کل شـیء وهـو بکل شـیء علیم)، (القرأن الکریم: سوره الأنعام: الأیه ١٠١).

هەروەهـا دەفەرمویـت: (بـدیع السـموات والارظ، وإذا قظـی امـرا فانمـا یقـول لهوکن فیکون)، (القرأن الکریم: سوره البقره: الأیه ١١٧).

واته (خودا داهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، کاتێک فەرمان بە هاتنەدی شتێک بدات، دەفەرموێت ببە و دەبێت).

## ١ـ ٤ ـ لقەکانی ڕەوانبێژی :

ڕاستییەک هەیە کە هیچ گومـانی لێنـاکرێ ئەویش ئەوەیە، هەر نەتەوەیەک خـاوەنی ڕەوانبێـژی خـۆیەتی کە لە نـاخی زمـانەکەیەوە هەڵقـوڵاوە و مـۆرکی تـایبەتی ئەوی پێـوە لکاوە، ڕەوانبێژی بەلای هەر نەتەوەیەک و لە هەر زمـان و ئەدەبێکەوە دەکرێتە سێ بەش:ـ

١ ـ ڕوونبێژی (البیان)

٢ ـ جوانکاری (البدیع)

٣ ـ واتا ناسی (علم المعانی)
هەر یەکە لەم سێ بەشەش چەند پیشەیەکی جوان و قەشەنگ دەگرێتەوە (گەردی: ١٩٧٢: ١١).

## ١ ـ ڕوونبێژی (البیان):

ڕوونبێژی مەیدانێکی پان و بەرینە قسەکەر و گوێگر، یا نوسەر و خوێنەری تیادا دەسوڕێتەوە، یەکەمیان سۆزی تەواوەی دڵی خۆی دەخاتە دڵی دووەمیان، دووەم دەم دەنێتە شیلەی بیری یەکەم چۆڕ چۆڕ هەڵی دەمژێت. جا ئەو گۆڕینەوەی سۆز و گوزارە بەهۆی هەر شتێکەوە بێت ئەو شتە ڕوونبێژیە! ڕوونبێژی لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە ... دەگرێتەوە (گەردی: ١٩٧٢: ١٨).

## ٢ ـ جوانکاری (البدیع):

جوانکاری بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەز و دەستورانە دەدوێ، کە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕووندەکەنەوە، ئەویش دوو لایەنی هەیە، یا دوو جۆرە هونەری نواندنی جوانکاری هەیە:

١ـ جۆری یەکەم تایبەتە بەلایەنی ڕوخسار و شێوەی ئەدەبییەوە، واتا (ڕازاندنەوەی وشە).

٢ـ جۆری دووەم لەو جوانییە دەدوێ کە لە ناخی ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە، واتا (ڕازاندنەوەی گوزارە (واتا)).

هەریەکە لەم دوو جۆرەش دەبێتە چەند لقێک بۆ نموونە ڕازاندنەوەی (وشە) دەبێتە ڕەگەزدۆزی، سەروادار، کەرتکردن ... ڕازاندنەوەی (واتا) دەبێتە دژیەک، بەرامبەر، بێ گۆڕین ... (گەردی: ١٩٧٥ : ٥).

## ٣ ـ واتاناسی (علم المعانی):

واتاناسی ڕودەکاتە ناوەرۆک و واتای پارچەکە، ئایا ئەو گوزارەی خراوەتە ڕوو تووندوتیژە، کول و بەنگە؟! ئایا مەبەست و خواستی نووسەر بەرزە یان نزمە؟ ئایا بیرەکەی پچڕ پچڕە و یەکتر ناگرێتەوە، یان لەسەرەوە تا کۆتایی بێ پچڕان هاتۆتە خوارەوە (گەردی:١٩٧٢: ١٢).

## بەشی دووەم

### ٢ـ ١ـ كاری زانایانی عەرەب لە جوانكاری:

یەكەم: (عەبدوڵلای كوری موعتەز) ( ٢٩٦ك ) دەشێ یەكەم كەس بێت لەو بوارە كتێبێكی بە ناوی (البدیع )ەوە دانابێ، خۆی دەڵێت: ((بەر لە من كەس هونەرەكانی جوانكاری كۆنەكردۆتەوە و ئاماژەی بۆ نەكردوون، منیش ئەوەم لە ساڵی دوسەد و حەفتا و چواری كۆچی نوسیووە))، (عەبدوڵلا: ٢٠٠٣: ١٠).

دووەم: (عبدالقهاری جورجانی) (٤٧١ ـــ ٤٧٤ك) لە بارەی ڕاكانی (زەمەخشەرییەوە)، (جوانكاری) زانستێكی سەربەخۆی ڕەوانبێژی نەبووە، بەڵكو بە كەلكی زانستەكانی ڕەوانبێژی زانیوە و پێیوایە تەواوكەریانە.

سێیەم: (ساكاكی)یش ( ٦٢٦ ك) هەمان پرۆگرامەكەی زەمەخشەری دووبارە دەكاتەوە (ڕەوانبێژی) و (واتاناسی) بە دوو زانستی سەربەخۆی (ڕەوانبێژی) دەزانێت، هەرچی جۆرە هونەرەكانی (جوانكاری)یە وەك بەشێكی نا سەربەخۆ، وەك كلكی ئەو دوو زانستەی دەزانێت (سەرچاوەی پێشوو: ١٢).

چوارەم: (خەتیبی قەزوینی) (٧٣٩ ك) لە كتێبەكەیدا (تلخیص المفتاح) بە دورودرێژی دوو بەشە سەرەكیەكانی (جوانكاری) (واتایی و وشەیی) دەخاتە ڕوو (مطلوب: ١٩٨٠: ٢٦٨).

### ٢ـ ٢ـ جوانكاری لای كورد:

كورد زۆر بە درەنگەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم زانستە پەیداكردوە، مەبەست لە توێژینەوەی باسی ڕەوانبێژییە بە كوردی لە بارەی ئەدەبی كوردییەوە، یەكەم كەس (شێخ نوری شێخ صالح) لە ساڵی (١٩٢٦)دا باسی چەند بابەتێكی ڕەوانبێژی كردووە...

دواتر نوسەرانی تری وەك: (عەلائەدین سەجادی) و (عەزیز گەردی) و (كامل حەسەن بەسیر) و (مەلا عبدلكەریم مودەریس) و (ئیدریس عەبدلّلا) و ... هتد. هەریەكەیان بە پێی دەرفەت پەرەی بەم زانستە داوە. وەك دیارە ئەم زانستە لای كورد هێشتا لە سەرەتایە و پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی بە وردی بە هەموو لایەنەكانی شیبكرێتەوە، هەروەها هەولبدرێت لە ڕوانگەی ئەدەبی كوردی خۆیەوە، هونەرەكانی ڕەوانبێژی دەستنیشان بكرێ و دەستورەكانی دیاریبكرێ، واتە بەرەو پسپۆڕی بچێ، بۆ

ئەوەی بەم كارە وردەكاری ئەدەبی كوردی بدۆزینەوە و بخریتە بەرچاو، ئەویش هەوڵ و تەقەلای نوسەر و تویژەرانی لەمەودوای گەرەكە (عەبدوڵڵا : ٢٠٠٣ : ١٦ـ١٧).

## ٢ـ ٣ـ ڕەگەزدۆزی چییە؟

ڕەگەزدۆزی لقێكە لە زانستی جوانكاری وشەیی و ئەمیش لقێكە لە جوانكاری (جوانكاریش لەگەڵ ڕوونبێژی و واتاناسی )دا زانستی ڕەوانبێژی پێكدەهێنن (گەردی: ١٩٧٢: ٧).

هەرچی پێكهاتەكەشیەتی، وشەی ڕەگەزدۆزی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە لە دوو مۆرفیمی (ڕەگەز + دۆزی) پێكهاتووە، كە (ڕەگەز) مۆرفیمێكی سەربەخۆیە و (دۆزی) مۆرفیمێكی بەندی تەوەرەییە و ڕەگی كاری (دۆزینەوە)یە، بەڵام لەڕووی سیمانتیكەوە مۆرفیمی (ڕەگەز) بە واتای ئەسل و نەژاد دێ، (دۆزی)یش بۆ دۆزینەوەی ڕادەی گونجان و دۆستایەتی یان هاودەنگی دوو وشەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین كە یەكەمجار و یەكەم كەس لە ئەدەبی كوردیدا(م. عەلائەدین سەجادی) لە ساڵی (١٩٦٨)دا ئەم ناوەی لێناوە و دەڵێت (ڕەگەز دۆزی (جناس)ە لە عەرەبیدا)، (سەجادی: ١٩٦٨ : ٨٣). چونكە بۆ دۆزینەوەی دوو وشەی شێوە وەك یەكی گوزارە جیاواز بەكاردێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە وتارێكی (د. كامل حسن بصیر) هەیە لەژێر ناونیشانی (لاسایكردنەوە و ڕەسەنی لە ڕەخنەسازی كوردیدا). نكۆڵی لەوە ناكرێ كە (د. كامل حسن بصیر) بە پسپۆڕی ئەم بوارە (ڕەخنە) دادەنرێ بۆ بەڵگە و پاڵپشتی وتارەكەی ئەم كارەی مامۆستای ناوبراوی تەتەڵە كردووە. دەڵێت: ((بۆ بەڵگە مامۆستا عەلائەدین سەجادی زاراوەی (جناس) كە لەڕەوانبێژی عەرەبیدا بەشێكە لە بەشەكانی زانستی (البدیع) لقی (المحسنات اللفظیة) بە وشەی ڕەگەزدۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی پێناسەی كردووە و وتویەتی: (ڕەگەزدۆزی (جناس)ە ) لە عەرەبیدا)). بۆیەش ئەم وشانەی داناوە، چونكە (ڕەگەز) بە مەعنای ئەسڵ و نەژادە، (دۆزی) لە دۆزینەوە هاتووە. وای لێدێتەوە، كە پێكەوە گونجان و دۆستایەتی ڕەگەزی دوو وشە پێكەوە دەدۆزیتەوە و پەیدایدەكەی، ئەم پێناسە هەروەكو دیارە باسی هێنانی دوو وشەی هاودەنگ و واتا جیاواز لە تێكستی وێژەییدا دەكات، زاراوەی (ڕەگەزدۆزی) وشەیەكی لێكدراوە لە (ڕەگەز) و (دۆزی).

(ڕەگەز) کە وەرگێڕانێکـی وشـەییە وشـەی (الجـنس)ی عەرەبیـیە، هـیچ پەیوەنـدییەکی واتـایی ڕاسـتەوخۆی بە وشـەی (الجنـاس) لەم بـابەتەدا نیـیە، چـونکە وشـەی (الجنـاس)، لەم بـابەتەدا بە مانـای (المشـابهة) و (المماثلـە) هاتووە، نەک بە مەبەستی بەژداری بوون لە ڕەگەزدۆزیدا. هەروەها وشەی (دۆزی)یش هـیچ پەیوەنـدییەکی بە (الجنـاس)ی عەرەبـی یەوە نیـیە (بصـیر: ١٩٨١: ٢٨-٢٩).

لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێ کە (م. سـەجادی) تـا چەنـد شـارەزایی وەرگیرانەکەی بووە و شتێکی خستۆتە سەر خەرمانی کوردی.

## ٢ـ ٤ ـ پێناسەکانی ڕەگەزدۆزی:

دیـارە هەر تـوێژینەوەیەک بگـری لە دوو بـواری زانسـتیدا ئەنجـام دەدرێ، ئەوانـیش بـواری زانسـتە سروشـتیەکان کە پێناسـە و ئەنجـامی تـوێژینەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێ، یـان بـواری زانسـتە مرۆییەکـان کە پێناسـە و ئەنجامی توێژینەوەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ و هەر کەسـە و لە دیدگە و هزری خۆیەوە بۆ شتەکان دەچێ، بەمەش هـیچ پێناسـەیەک لای دوو کەس وەک یەک نابێ، هەرچەندە زۆربەی پێناسـەکان لەناوەرۆکدا لەیەک نـزیکن. زۆرن ئەوانەی لە ئەدەبیـاتی عەرەبـی و کـوردی پێناسـەیان بـۆ ئەم دیاردە ئەدەبیە کردبێ، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو:

ــ (ئەحـمەد هاشـمی) دەڵێـت: ((ڕەگەزدۆزی واتـا وێکچـونی دوو وشـە لە دەربڕین و جیاواز لە واتا))، (هاشمی: ١٩٦٠: ٤٩٩).

ـ (أبی هلالی العسکری) دەڵێت: ((ڕەگەزدۆزی ئەوەیە کە قسـەکەر لە قسـەی کـورتی وەکـو دێـرە شـیعر یـان بەشـێکی نـامە و خـوتبە دوو وشـە بێنـێ هەردووکیان لە ڕووی پیتەکانەوە وەک یەک وابن))، (العسکری: ١٩٧١: ٣٣).

ــ (سـەکامی) دەڵێـت: ((ڕەگەزدۆزی بـریتیە لە یەکچـونی دوو وشـەکانی لە دەربڕیندا))، (مطلوب : ١٩٧٥ : ٢٤٤).

ـ (خەتیبی قەزوینی) دەڵێت: ((ڕەگەزدۆزی لە نێوان دوو وشـە و لێکچونیـانە لە دەربڕین))، (القزوین : ١٢٣).

ـ (ڕەگەزدۆزی بریتیە لە یەکچوونی دوو وشەکان لە گۆکردن و جیاوازیان لە واتا)، (أبو العدوس: ١٩٩٩: ١٤٤).

ـ یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، دەشێ لە هەمووشیان جوانتر و بەناوبانگتر بێ، بریتیە لەوەی دوو وشەکان لە دەربڕیندا ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا بێت، بەڵام لە واتادا لەیەک جیا ببنەوە)، (عباس: ٢٠٠٤ : ٢٩٩).

ـ (عەلائەدین سەجادی) دەڵێت: ((ڕەگەزدۆزی ئەوەیە هۆنەر لە هۆنراوەیەکدا دوو وشە یان زیاتر بهێنێتەوە، وشەکان لە ڕواڵەتدا وەکو یەک وابن، بەڵام لە گوزارەدا هەریەکەیان گوزارەیەکی هەبێ))، (سەجادی : ١٩٦٨: ٨٣ ).

**٢ـ ٥ ـ جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری خادیم:ـ**

ڕەگەزدۆزی زۆر جۆری هەیە، بەڵام جۆرە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەمانەن:

**أ ـ ڕەگەزدۆزی تەواو:**

بریتییە لە هێنانی دوو یا سێ وشەی ڕوخسار وەک یەکی واتا جیاواز، مەبەست ئەوەیە وشەکان کت و مت شکلیان وەکو یەک وابێ، واتا لە (جۆر و ژمارە و ڕیزی) (پیتەکان - دەنگەکان) هەمان شت بن، بەڵام مانایان جیاواز و سەربەخۆ بێ (گەردی: ٢٠٠٢: ٨٢).

کە ئەمەش بریتیە لەم چوار بەشەی خوارەوە:

**١ـ ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن:**

واتا هاوڕەسەنی یان هاوڕەگەزی ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزیان پێکهێناوە ، وەک ئەوەی هەموویان ( ناو ) یان ( کردار ) بن (گەردی: ١٩٧٥ :١٠).

نمونەی ئەم جۆرە لەم دێرە شیعرانەی (خادیم)دا دیارە کە دەڵێت:

بە <u>ئەدەب</u> بە لە حزوور شێوەیی خاسانە <u>ئەدەب</u>

لەم مەقامە سیفەت و مەسەلەکی مەردانە <u>ئەدەب</u> (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٠٦).

ئەدەب١: بە ئەخلاق

ئەدەب٢: (وێژە، ئەدەب)

(خادیم) دەڵێت:

شاخی <u>قەندیلی</u> وەکو <u>قەندیلە</u> شەوقی بۆ وڵات

پیرە مەگرونیش کەمەر بەستەی گوڵاڵە و یاسەمین (دیوانی خادیم:١٩٨٠: ١١).

قەندیل١: چیای قەندیل

قەندیل٢: جۆرێکە لە چرا

(خادیم) دەڵێت:

شیری برد هەتا گەییە ئەو بیرە

مەشوورەتی خۆی هەروا لە بیرە (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٨٧).

بیر١: بیری ئاو

بیر٢: فکر، هزر

هەروەها (خادیم) دەڵێت:

بەشێکی هەتیوانی بێ دایک و باب

دڵی داخراوم بکە فتحولباب (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٩٤).

باب١: باوک

باب٢: دەرگا

(خادیم) دەڵێت:

- وەسیەت بێ لە پاش من لەبۆ یارانم ئەم نامەیە

ئەوەی باقی بمێنێ پاش مردن چاکەیە و نامەیە (دیوانی خادیم: ١٩٨٠ : ١٩٨).

نامەیە١: پەیام ، نامە

نامەیە٢: ناو

- شەراب حەرامە بۆ پیاوی نادان

حەرامە ئاوی حەیوان بۆ حەیوان (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٣٨٧).

حەیوان١: ئاوی حەیات

حەیوان٢: ئاژەڵ

## ٢ - ڕەگەزدۆزی تەبا:

ئەم جۆرەیان بەو جووتە وشەیە دەڵێن کە ڕەگەزدۆزیان پێکهێناوە لەگەڵ ئەوەی ڕەگەز و ڕەسەنیشیان جیایە وەک ئەوەی یەکیان (ناو) و ئەوەی دیکەیان (کار) بێ (گەردی: ١٩٧٥: ١٠).

بۆ نمونە خادیم دەڵێت:

پاشاهان (خادیمی) دەرگاهی تۆن

هەم لە ڕیزی خادیمانە خادیمیش (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٤٩).

خادیم١: نۆکەر، کارەکەر

خادیم٣: نازناوی شاعیر (میرزا عەبدوڵڵا کۆیی)یە

لەگەڵ ئەهلی محەببەت دوورە حاڵی زاهیدی مەحوی

له حـاڵی مەسـتیایه عاشـیق و حـاڵی ئەوه مەحـوی (دیـوانی خـادیم: ١٩٨٠: ٢٨٨).
مەحوی١: نازناوی شیعری (محەمەد شێخ عوسمانی باڵغی)یه.
مەحوی٢: لەناو چوو
جارێ پیرۆزەی پیرۆزه ڕەنگی
جارێ نەی ژەنی جارێ بێ دەنگی (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢٩).
پیرۆزه١: مەلی (هوما) لەسەر شانی هەر كەسێ بنیشێ دەبێته پاشا
پیرۆزه٢: بەردێكی بەنرخه ڕەنگی شینی ئاسمانی یه.
شاعیر له نمونەی تردا دەڵێت:
دیاریم بۆ یاران یار و دیاره
ئەوەی نووسیومه بۆتان دیاره (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٢).
دیار١: نیشتیمان (جێگەی باب و باپیران)
دیار٢: ئاشكرا
به خالیس پێت بڵێم (خالیس) له خێلی تاڵەبانی بوو
له تەعلیمی علوومـا گەوهەری تاڵەبانی بوو (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ١٤٨).
خالیس١: پاكی و ڕەوانی
خالیس٢: شێخ محەمەد خالیس كوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانییه.
ئەگەر پێم بڵێ بچۆ بۆ مەكه
عەقل پێم دەڵێت كاری وا مەكه (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢١٧).
مەكه١: شاری مەكه
مەكه٢: كارێكی داخوازییه، نەرێیه.

### ٣ - ڕەگەزدۆزی ئاوێته:

به واتـای ناسـادەیی ئەو وشـانه دێـت كه ڕەگەزدۆزیـان لێكەوتـۆتەوه، بـێ گوێدانه ڕەگەز و ڕەسەنی وشەكان (گەردی: ١٩٧٥: ١١).
وەك لەم دێره شیعرانەی (خادیم)دەردەكەوێ:
تەغافول تابەكەی ئەی دڵ لەمەولا ڕوو لەمەولاكه
ئەوەی كردووته تا ئیسته له كردات لەمەولانا (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٩٤).
لەمەولا١: لەمەودوا
لەمەولا٢: مەولانا خالیدی نەقشبەندی
ئەو كەسەی پایەی له عەشقا دەست ئەكەوێت پەروانەبوو

کەس وەکو ئەو بۆ نیساری جانی بی پەروا نەبوو (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٠٦).

پەروانە بوو١: پەپولە (بێ باڵ)

پەروا نەبوو٢: ئەو شتەی بە دەوری خۆی دا دەسوڕێتەوە.

مەجلیس مەبەستە بی روخی دولبەر لە نیوەشەو

گەر کارەبا نەبێ ئەم کارە با نەبێ (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٦٠).

کارەبا نەبێ١: (کارەبا + نەبێ)

کارەبا نەبێ ٢: (کار + ە + با + نەبێ) واتە ئەم ئیشە با نەبێ.

ئەجل تیری بە قەسدی کوشتنی تۆ وا لە شەستایە

بە غفلەت تێپەڕی عومرت لە پەنجا یا لە شەستایە (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٢).

لە شەستایە١: شەستەباران

لە شەستایە٢: ژمارە شەست

پاشەواریکم ئەگەر چی نەبوو

مورغن گیانەکەم وابێ چینەبوو

چی نەبوو١: هیچ نەبوو

چینەبوو٢: چینەکردنی مریشک لە زەوی

## ٤- ڕەگەزدۆزی ساوێتە:

ئەم جۆرەیان ئەو جووتە وشانە دەگرێتەوە کە یەکیان سادە و ئەوی تریان لێکدراوە و ڕەگەزدۆزیشیان پێکهێناوە (گەردی: ١٩٧٥: ١٣).

وەک (خادیم) لەم دێرە شیعرانەدا دەڵێت:

تانیقە باقی بێ بۆ تەشویشی موژگار چارەکوا؟

نەفسی من ئەممارەیە ئەم مارە چاری ناکرێ (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٩٩).

ئەممارە١: نەفسی مرۆڤ بەدکار و خراپ

ئەممارە٢: ماری پێوەدان

بەرگی بێ بەرگی نیشانی خەڵصەتی ئیمانە

وا بە ڕووت و قووتی (خادیم)خوش ئەلها من بەسمە ڕووت (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١١٥).

ڕووت١: هەژار

ڕووت٢: ڕووی تۆ (ڕووی یار)

لە بیماری ئەپرسی حاڵی (خادیم)؟
بەقوربانی وەفاتم تا وەفاتم (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٨٧).
وەفات١: بەوەفایی تۆ
وەفات٢: مردن
دوونانی جۆگەلێ خوشترە لە منەتی دوونان
دوو دەستی ماندو چەخوشە لەسەر زگی تێر (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ١١٣).
دوونان١: (دوو + نان)
دوونان٢: پیاو خراپ
خەیاڵی خاڵی خاڵی ناکا دڵ
باسی بەرگی گوڵ هەر ئەکا بلبل (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢٠٣).
خاڵی١: خاڵی گۆنا، یان هەر خاڵێک بێت لەسەر لەشی کەسێک
خاڵی٢: بەتاڵ
وەک کەوی کەوی دەستە مۆی یاران
هەریەک خاوەنی یەک لە دڵداران (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢٠٥).
کەوی١: باڵندەی (کەو)
کەوی٢: ماڵی

## ب - ڕەگەزدۆزی ناتەواو:

ئەوەیە وشەکان کتومت شکلیان وەکو یەک نەبێ، لە سێ مەرجەکەی ڕەگەزدۆزی تەواو (جۆر و ژمارە و ڕیزی پیتەکان(دەنگەکان)) یەکێکیان کەم بێ، واتە یان جۆری پیتەکان جیا بێ، یان ژمارەی پیتەکان بەقەد یەکتر نەبێ، یان ڕیزی پیتەکان گۆڕابێ.
نابێ دوو مەرج پێکەوە لەیەک وشەدا کەم بن، ئەگەر دوو مەرجی جیاواز لە وشەکان کەمبێ وشەکان نابنە ڕەگەزدۆزی ناتەواو (گەردی: ٢٠٠٢: ٨٣).
ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزیەش دەبێتە چەند بەشێکەوە کە ئەمانەن:

## ١- ڕەگەزدۆزی زیاد:

ڕەگەزدۆزی زیاد بریتییە لە جیاوازی وشەکان لە ڕووی ژمارەی پیتەوە ، کە وشەیەکیان پیتێک یان دوو پیتی لەوەی دیکە زیاتر بێ، جا گرنگ نییە ئەو زیادەیە لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) وشەکەدا بێت، بەڵام مەرجە ئەگەر زیادەکە دوو پیت بوو لە تەک یەکەوە بێت و هیچ پیتێکی دیکە لێکیان جیا نەکاتەوە (گەردی: ١٩٧٥: ١٥ – ١٩).

وەک لەم دێرە شیعرانەی (خادیم)دا دەردەکەوێت:
گیانە بەبێ تۆ ژیانم ژانە
هەرچەند کەماوم مانم نەمانە (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٤).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (ژیان) و ( ژان) دایە، وشەی (ژیان ) دووەم پیتی کە (ی)ە زیاترە لە وشەی (ژان).
ئاهەنگی شەهادەت کە لە مەیدانی محەببەت
سەردار بە جێگەی کە سەری دارە نەزەر سەر (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٢٣).
ـ ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (سەردار) و (سەری دار)ە، چونکە لە وشەی دووەمدا و چوارەم پیتی کە (ی)ە زیاترە لە وشەی یەکەم.
بێ بەشن ئەمڕۆ هەتا گورا بەشی شایی بەشین
زۆری بێ مەئوایە ئەمرۆ بێ نەواو و بێ نەوان (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ١٢).
ڕەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی (بەشی) و (بەشین)دایە، چونکە وشەی دووەم پیتی پێنجەمی کە (ن)ە لە وشەی یەکەم زیاترە.
مەلی مل نەخشین پڕ لە خەت و خاڵ
نەغمە و چریکەت وەک دەنگی شمشاڵ (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٩).
ڕەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی (مەل) و (مل)دایە، چونکە وشەی یەکەم پیتی دووەمی کە (ە) لە وشەی دووەم زیاترە.

## ٢ ـ ڕەگەزدۆزی جیا:

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەو شێوەی ریزبوونی پیتەکانیان وەک یەک بێت، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان جیاواز بن(عەبدوڵڵا: ٢٠١٢: ١٩). واتە بە لابردنی ئەو دوو پیتە جیاوازەی وشەکان ڕوخساری پاشماوەی وشەکان وەک یەکی لێ دێ.
وەک لەم دێرە شیعرانەی خادیم دەردەکەوێ:
تۆ بێ ئیستیحقاق کارت عەتایە
منیش هەر کارم سەهوو خەتایە (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢١).
ڕەگەزدۆزییەکە لەنێوان هەردوو وشەی (عەتا) و (خەتا)دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (ع) لە وشەی یەکەم و (خ) لە وشەی دووەم پاشماوەی هەردوو وشەکە وەک یەکی لێدێت کە (ەتا)یە.
زەمانە چەرخە، چی چەرخە، فەلەک دەواری دەوری تۆ

هەزاران دەفعە بای <u>داوی</u> کەچی ئێستا کە هەر <u>خاوی</u> (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٥٣).

ڕەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی (داو) و (خاو)دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (د) لە وشەی یەکەم و (خ ) لە وشەی دووەم، ئەوەی دەمێنێتەوە لە هەردووکیان وەک یەکە کە بریتیە لە (او).

وەرە بۆ خاتری خواو رەسول ئێمە بکەین <u>عەهدێ</u>

بە نوعی ئەتو اغا و ئەمن <u>عەبدێکی</u> بێ پا (شارەزا: ١٩٦١: ٧٠).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (عەهد) لەگەڵ (عەبد) دایە، چونکە ئەگەر لە وشەی یەکەم (هـ) و لە دووەم (ب) لابەرین پاشماوەی هەردوو وشەکە وەک یەکە.

بەزمگاهی عەیش و شادی رەزمگاهی شۆڕ و شەڕ

سەف شکێنی عەر سەیی <u>مەیدانە</u> <u>بۆ</u> <u>مەردانە</u> شەو (خەزنەدار: ١٩٤٥ – ١٩٧٥: ٣١٩).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (مەیدان) لەگەڵ (مەردان) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (ی) لە وشەی یەکەم (ر) لە وشەی دووەم پاش ئەوەی دوو وشەکە وەکو یەکی لێ دێ.

موتریب زەحمە دایە <u>چەنگ</u> لەسەر <u>چەنگ</u>

دووبارە ناڵەی نەی بیتە <u>دەنگ</u> (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٥).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (چەنگ) و (دەنگ) دایە ، چونکە بە لابردنی پیتی (چ) لە وشەی یەکەم و (د) لە وشەی دووەم پاشماوەی هەردوو وشەکە وەک یەک دەبێ.

پیاوی بێ نەوا تۆ بە <u>دۆست بگرە</u>

گۆزەی بێ دەسک بە دوو <u>دەست بگرە</u> (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٩٩).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (دۆست) و (دەست) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (ۆ) لە وشەی یەکەم و (ە) لە وشەی دووەم پاشماوەی هەردوو وشەکە وەک یەک دەبێ.

سەرمایەی عیش و کامەرانی <u>عەشقە</u>

سەرمە<u>شقی</u> حەیاتی جاویدانی عەشقە (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٧٧).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (عەشق) و (مەشق) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (ع) لە وشەی یەکەم و (م) لە وشەی دووەم ئەوەی دەمێنێتەوە لە هەردوو وشەکە وەک یەکە.

دڵ مەیلی ئەگەر تەجە ممولی جاهی بێ

بۆ مەنزەری بێ نیازی شاهی بێ (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٧٨).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (جاه) و (شاه) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (چ ) لە وشەی یەکەم و (ش) لە وشەی دووەم ئەوەی دەمێنێتەوە لە هەردوو وشەکە وەک یەکە.

جێ زولفتە دڵم هەتا دەمرم

وەکو مەیخانە جێ لەوێ دەگرم (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٣٩١).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (دەمرم) و (دەگرم) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (م) لە وشەی یەکەم و (گ) لە وشەی دووەم ئەوەی دەمێنێتەوە لە هەردوو وشەکە وەک یەکە.

## ٣- ڕەگەزدۆزی لار :

بریتییە لە جیاوازی شێوەی ئەو پیتەی کە ڕەگەزدۆزی دروستکردووە، وەک هەبون یان نەبونیی خاڵ (.) لەم پیتانەدا (ر – ز)، (ج – خ) ، (ف – ق) ... هتد یان لەبەر هەبون و نەبونیی ( ٘ ) لەم پیتانەدا (ر – ڕ) ، (ل – ڵ ) ... هتد (گەردی: ١٩٧٥: ٢١ – ٢٣).

وەک لەم دێرە شیعرانەی خادیم دەردەکەوێت:

ئاگری دۆزەخ بە ئەمری جەلیل

بوو بە گوڵستان وەک ئاگری خەلیل (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٤٩).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (جەلیل) و (خەلیل)دا دروست بوە، و تەنها خاڵەکەش (.) ئەم جیاوازیەی دروست کردووە.

ڕۆژی ویداعە وەداعی یاران

ئەشکم جارییە هەر وەکو باران (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٥٥).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (یاران) و (باران)دا دروست بووە، و تەنها خاڵەکەش (.) ئەم جیاوازیەی دروست کردووە.

دوو عالەم کوشتەی ئەم نەقشە جوانەن

ئەسیری لەزەتی ئەم نان و خوانەن (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٨١).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (جوان) و (خوان)دا دروست بووە، و تەنها خاڵەکەش (.) ئەم جیاوازیەی دروست کردووە.

هارە هاڕی ئاوی قەڵبەزی هاژە هاژی بای نەسیم

هەم بریقەی گوڵاو و تریشقەی هەورەکان (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٧).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (هاڕە) و (هاژە)دا دروست بووە، هەروەها لە نێوان هەردوو وشەی (هاڕی) و (هاژی) دروستبووە.

سەف شکێنی عەرسەیی مەیدانە بۆ مەردانە شەو

بارەشی زەحمەت نەمانە بارەشی ڕەحمەت کە هات (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٤٥).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (زەحمەت) و (ڕەحمەت)دایە.

+هەروەها هەر لەم دێرەدا ( ڕەگەزدۆزی جیا) هەیە، ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (مەیدان) لەگەڵ (مەردان) دایە، چونکە بە لابردنی پیتی (د) لە وشەی یەکەم (ر) لە وشەی دووەم پاش ئەوەی دوو وشەکە وەکو یەکی لێ دێ .

ئەمیر و زابتان هەردەم لە ترسان

عەساکیر هەردەم لەبەر ڕووتی و لە برسان (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٥٧).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (لە ترسان) و (لە برسان)دا دروست بووە.

لەبەر ماتەمی یاری دڵ پاکم

لە مردن خۆم گەلێ بێ باکم (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ١٨٣).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (پاک) و (باک)دا دروست بووە.

دەفتەری سود و سەلەم ناوی نییە

باسی ئیشی ناڕەوا باوی نییە (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢٤٤).

ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (ناوی) و (باوی)دا دروست بووە.

### ٤ ـ ڕەگەزدۆزی ئاڵۆز:

بریتییە لە جیاوازی ڕیزی پیتی وشەکان واتا لە ڕوی ژمارە و جۆر و شێوەی پیتەکانەوە وەک یەکن، بەڵام ڕیزی پیتەکان لە چوارچێوەی وشەکان دا وەک یەک نییە (گەردی: ١٩٧٥: ٢١ – ٢٣).

وەک لەم دێرە شیعرانەی (خادیم)دا دەردەکەوێت:

مەزهەبی عیشق و ئەدەب سوحبەتی ئەربابی نەزەر

فەیزی بەخشی ئەبەدی دڵی یارانە ئەدەب (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ١٢٧).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (ئەبەد) و (ئەدەب)دایە.
چەمو حتاجم بە شەمعە چیم لە ڕووناکی قەمەر داوە
بە نەقدی جان بە سەوادیی سەدای زولفی سەودایە (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٤٠).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (سەودایی) و (سەوادیی)دایە.
پەرێشانە زولفی تاتایی نیگەهبانی سەری گەنجە
بە دەوری عاریزی حەڵقەی میسالی ئەژدەهانی جەنگە (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٥٤).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (گەنجە) و (جەنگە)دا دروست بووە.
دەناڵێ بۆ ڕۆخی گوڵ میسلی ((خادیم))
لە گۆشەی میر غوزاری مورغی زاری (دیوانی خادیم: ١٩٨٠: ٢٦٥).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (میرغوزاری) و (مورغی زاری)دایە.
(محمد) ئیسم و عالیمی عامیل
مجەوهەر جیسم و فازیلی کامل (دیوانی خادیم: ١٩٨١: ٢١٠).
ڕەگەزدۆزییەکە لە نێوان هەردوو وشەی (عالیم) و (عامیل)دایە.

## ئەنجام

**ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:**

١- وشەی ڕەگەزدۆزی لە زمانی (عەرەبی و کوردیدا) یەک سەرچاوەی هەیە لە یەک شتەوە وەرگیراوە، ئەویش (الجناس) - (ڕەگەز)ە.

٢- زۆربەی نوسەرانی کورد لە ناساندنی ڕەگەزدۆزی کەوتونەتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی بە پێی خەسلەتە تایبەتییەکانی ئەو زمانە پێناسەیان کردووە. هەروەها زۆربەی نوسەرە (عەرەب، کورد، فارس)ەکان ئەوانەی پێناسەی ڕەگەزدۆزیان کردووە، زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر جۆری (تەواو) گرنگی زۆریان بە جۆری (ناتەواو) نەداوە.

٣- (خادیم) وەکو شاعیرە داهێنەرە گەورەکانی شیعری کلاسیکی زۆر کارامە و لێهاتوانە دێرە شیعرەکانی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕازاندۆتەوە، کە

دەتـــوانین بڵێـــین کەم لە دێرەکـــانی بـــێ هونەرێـــک یـــان چەنـــد هـــونەرێکی ڕەوانبێـژییە، بە تـایبەتیش لە بەکارهێنـانی ڕەگەزدۆزیـدا نمـونەی یەکجـار زۆر هەیە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێدراوە تەنها کەمێکیانە، چونکە مەبەستمان ئەوە بوو جۆر و بەشـەکانی ڕەگەزدۆزی لای ئەو شـاعیرە مەزنە دیار بخەین، ئەمەش وایکردووە بۆ هەریەکەیان چەند نموونەیەک بهێنینەوە ، کە ئەوەندە بەسە بۆ توێژینەوەکە، بەڵام دێرەکانی تر کە هەمان شتیان تێدایە بە پێویستمان نەزانی توێژینەوەکەی پێ درێژ بکەینەوە.

٤ــ نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی تایبەتمەنـدییەکیان تێـدایە پەیوەسـت بە کەسـایەتی شـاعیر خـۆی ئەمەش لە بـارەی کۆمەڵایەتیـدا دیـارە، کە نـایەوێ مـیللەتەکەی ژێردەستە و مەزڵوم بێت و تانە و توانج لەو کەسانە دەدات کە ئەبنە کلک و داردەستەی بێگانە لە پێناوی بەرژەوەنـدی تـایبەتی خۆیـان، پەنـای بـۆ پەنـدی پێشینان بردووە و کردوویەتیە ناونیشـانی هۆنراوەکـانی بـۆ وشـیارکردنەوەی خەڵک و پاراستنیان لە ڕێگەی چەوت و خراپ.

٥- لەم تـوێژینەیەوە بۆمـان دەرکەوت کە هەنـدێک جـار شـاعیر لەیەک دێـردا دوو جۆر رەگەزدۆزی بەکارهێناوە.

٦ــ لەم تـــوێژینەوەیە ئەوەمـــان بـــۆ دەرکەوت، کە ســـەرجەمی ئەو جـــووتە وشـانەی ڕەگەزدۆزییـان دروسـتکردووە (١٠٤٣) جـووتە وشـەی لە هەردوو بەرگـــی دیـــوانی خـــادیم، کە (٩٨) جـــاری ڕەگەزدۆزی تەواو، (٩٤٥) جـــار ڕەگەزدۆزی نـــا تەواوی بەکارهێنـــاوە، کە لەم خشـــتەیەدا جـــۆر و ژمارەیـــان دەخەینە ڕوو:

| ژمارەی بەکارهێنان | جۆری ڕەگەزدۆزی ناتەواو | ژ | ژمارەی بەکارهێنان | جۆری ڕەگەزدۆزی تەواو | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٣١ جار | جیا | -١ | ٣٥ جار | تەبا | -١ |
| ٢٣٤ جار | زیاد | -٢ | ٣١ جار | ساوێتە | -٢ |
| ٧٣ جار | لار | -٣ | ٢٣ جار | هاوڕەسەن | -٣ |
| ٧جار | ئاڵۆز | -٤ | ٩ جار | ئاوێتە | -٤ |

## سەرچاوەکان

ـ القران الكريم.

**یەکەم کتێب**

**أ ـ بە زمانی کوردی:**

١ـ ئەمین، جەمال محەمەد محەمەد، ١٩٨٠، دیوانی خادیم، بەرگی یەکەم، بەغداد، دار الحریە.
٢ـ ئەمین، جەمال محەمەد محەمەد، ١٩٨١، دیوانی خادیم، بەرگی دووەم، بەغداد، دار الحریە.
٣ ـ خەزنەدار، مارف، ١٩٤٥ - ١٩٧٥، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤ـ سەجادی، عەلائەدین، ١٩٦٨، ئەدەبی کوردی و توێژینەوە لە ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی مەعارف.
٥ـ سەجادی، عەلائەدین، ١٩٧٨، خۆشخوانی، بەغداد، چاپخانەی مەعارف.
٦ـ شارەزا، کەریم، ١٩٦١، کۆیە و شاعیرانی، بەشی یەکەم (شاعیرە کۆچ کردووەکان)، چاپخانەی النجوم، بەغداد.
٧ـ عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠٠٣، جوانکاریی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٨ـ عەبدوڵڵا، ئیدریس، ٢٠١٢، جوانکاریی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٩ـ گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم ـ ڕەوانبێژی، بەغداد، چاپخانەی دار الجاحظ.
١٠ـ گەردی، عەزیز، ١٩٧٥، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم ـ جوانکاری، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی.
١١ـ گەردی، عەزیز، ٢٠٠٢، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی:**

١٢ـ أبو العدوس، يوسف، ١٩٩٩، البلاغه والاسلوبيه، الطبعه العربيه الاولى، عمان، الاهليه للنثر و التوزيع.
١٣ ـ العسكرى، أبى هيلال، ١٩٧١، الصناعتين، دار الحريه للطباعه، بغداد.

١٤ ـ القزوينى، الخطيب، دون سنه بالطبع، الايضاح فى علوم البلاغه، قسم ايران.
١٥ـ عباس، مفتل حسن، ٢٠٠٤، البلاغه و فنونها، الاردن، دار الفرقان للنشر و التوزيع.
١٦ـ مطلوب، أحمد، ١٩٧٥، الفنون البلاغيه، دار البحوث العلميه، الكويت.
١٧ـ مطلوب، أحمد، ١٩٨٠، دراسات بلاغيه نقديه، دار الحريه، بغداد.
١٨ـ هاشمى، أحمد، ١٩٦٠، جواهير البلاغه، مصر، مطبعه الاعتماد.

**دووەم: گۆڤار:**

١٩ـ بەصیر، کامل حسن، ١٩٨٠، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەشی هەشتەم.
٢٠ـ سەجادی، عەلائەدین، ٢٠٠٨، ئەدەب چی یە و ڕەوانبێژی چی یە؟ گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە (٢٨).
٢١ـ مولود، عەبدوڵلا خدر،٢٠٠١، ڕەوانێژی لە شیعرەکانی حەمدی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٣).

## الملخص

إن هذا البحث خطوة للتعرف على البلاغة فى الآدب الكوردى، وإلاستمتاع بالأشعار الكلاسيكية الكوردية ومحاولة للتعرف على الشاعر الكوردى الكبير (الحاج ميرزا عبدالله كولى) الملقب بـ(خادم)، حتى يبقى ذكرى الشاعر خالدة فى تأريخ الآدب الكوردى.

حقيقية لحد الآن لا نجد عملا جديرا بالذكر كتب عن هذا الشاعر. نرى أن الشاعر مبدع فى إستخدم جميع فنون البلاغة فى أشعاره، حيثُ إستطاع أن يزين كل أبياته الشعرية بفن من فنون البلاغة، حيث أننا لانجد بيتاً من أبياته الشعرية إلا فيه فن من الفنون البلاغية أو أكثر وبـألأخص فن الجناس، حاولنا فى هذا البحث أن نعطى نموذجاً لكل نوع من أنواع الجناس ببيت من الأبيات الشعرية لهذا الشاعر الكبير .

## Abstract

This research is to understand and familiar with rhetoric in Kurdish literature, and it is to enjoy Kurdish classic poetry. Also, it is an attempt to introduce Kurdish great poet (Haji Mirza Abdullai Koye) who is well known by (Khadim). This is to provide him his proper place in Kurdish literature due to the fact that he has rarely been studied. Khadim used rhetoric in his poems proficiently and professionally. He used rhetoric almost in all of his poems, in particular all kinds of couplet. In this project, we have shown Khadim's poems as examples for different types of couplet.